# یادی 107 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیپیرۆزبێت

## ئەحمەد دەشتی

بەیادی سەد و حەوت ساڵ لە مەوبەر ئەو ڕۆژەی کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان دەرچوو،هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو نیشتمانپەروەرو گەورە مەردەی کە لەو ڕۆژگارانەدا واتە 107 ساڵ لە مەوبەر لە سالێ 1898دا توانی کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان لە شاری قاهیرە لە وەڵاتی میسر لە دووری نیشتمانی ڕەنگینی کوردستانی خۆی دا بە چاپ بگەیەنێ و جوانترین و مەزنترین و گەشاوەترین ناو کە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر دا خۆشەویسترین ناوە کە ئەویش ناوی پڕشنگداری کوردستانی خاکی ڕەنگین و بەهەشتی گەلی کوردە لەو ڕۆژنامەیە دبنێت ، ئەو ناوە بۆ ڕۆژنامەیەکی ئاوا هەتابڵێی لە بارو جوان و چاک بووە کە هێژا مەدحەت میقداد بەردرخان توانی لە قاهرە بە چاپی بگەیێنێت و بڵاوی بکاتەوە،کە ناوی ئەو ڕۆژنامەیە بۆ هەتا هەتایە وەک ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی کوردەواری لە ئاسۆی بەرزی کوردستان دا دەگەشێتەوەو جێگەی شانازیە بۆ هەموو کوردێک ، بۆیەشە زۆر بە شانازیوە ئەم ڕۆژە کرایە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ، وا دەبینین کە ئەمڕۆ لە کوردستانێکی ئازاد دا زۆر بە ڕێزەوە یادی دەکرێتەوەو باسی دەکرێت و سمیناری ڕیز لێنان بۆ یادی ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەگیرێت و ئەو ڕۆژە گەشەدارە پیرۆز دەکرێتو هەزاران سڵاویش بۆ گیانی پاکی ئەو خاکپەروەرە کوردە دڵسۆزە و نەمرەی کە توانی ڕۆژنامەیەکی ئاوا بەو ناوە جوانەوە لەو ڕۆژگارانەدا کە یەکەم ڕۆژنامەیە لە پێناوی کوردو کوردستان دا بێنێتە هەلێری خەبات و تێکۆشان ،هەر بۆیەشە کە ئەوڕۆژە بۆ هەموو کوردێک پیرۆزەو مایەی شانازی و سەربەرزی ڕۆژنامەگەری گەلی کوردە ، بەلێ گەلی کوردی ژێر چەپوکی ڕۆمی و تازی و عەجەم هەر لە کۆنەوە تەپە سەر کراوە و هەموو مافێکی ژیانی خۆی لێ زەوت کراوە و هەتا ئەمڕۆش کورد بە هۆی دڕندەیی و هەستی شۆڤێنیەت و داگیرکردنی کوردستانەوە نەیتوانیوە وەک تەواوی گەلانی جیهان بە هەموو مافەکانی نەتەوایەتی خۆی شاد ببێ و لە ناو لانەی ژیان و زێدی باوو باپیرانی خۆی دا ئازادو ڕەهاو خاوەن قەوارەیەکی میللی خۆی بێ و کوردستانی نیشتمانی زێڕینی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و سەربەخۆیی

نیشتمانی خۆی وەدەست بێنێ و لە ماڵی خۆی دا ئازادو ڕەها بژیت و دوور لە چەوساندنەوە بێت و هەتا ئەمڕۆش دڕندە شۆڤێنیەکانی عارەب و تورک و عەجەم چاویان بە گەلی کورد هەڵنایەت و ئێستاش نامرۆڤانە هەولی داگیرکردنی خاک و بێ بەش کردنی گەلی کورد لە هەموو سەروەت و سامان و خاکی شیرینی خۆی کوردستان دەدەن، بەلێ ئەو کوردستانەی کە ساڵها ساڵە لە ژێر چنگی دڕندەکان و مرۆ کوژانی مێژوویی و لە مێژینەدا بێ بەش کراوە و لە هەموو مافێکی سروشتی خۆی دوور خراوەتەوە و ئێستاش دەبینین کە گەلی کورد چۆن پەرێشانی هەست و دەستی شۆڤێنیە کەسیفەکانی تازی و تورک و عەجەمانە.
شتێکی ئاشکرایە کە لە دایک بوونی ڕۆژنامەگەری کوردی بەر لە 107 ساڵان دا لە سەر دەستی کەسایەتیەکی وک مقداد بەدرخان ڕۆژێکی گەش و پڕ لە سەروەریەتی ڕۆژنامە گەریەتی کوردو کوردستانە و جێگەی شانازیە بە تایبەتی کە ئەو ڕۆژنامەیە تایبەتمەندی و بابەت لە خۆ گرتن و داڕشتنی ناوی کوردستانی لە سەر لاپەڕەی یەکەمی ئەو خۆی دا لەو دەم و ساتانە دا بە خۆیەوە گرتووەو کاریگەریەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی کوردی تیادا وەدی دەکرا و هێمایەکی مەزن بوو بۆ دەرخستنی هەرچی زیاتری ناوی کوردو کوردستان و دڕکێکی کاراش بووە کە چەقیبوە ناو چاوی داگیرکەرانی کوردستان ، هەرچەندە لەو ڕۆژگاران و سەردەم و ساتانە و هەتا ئەمڕۆش گەلی کورد نەیتوانیوە کە بە مافی بوونی خۆی بگات و کوردستانی خۆی ڕزگارو سەربەخۆ بکات و تا ڕاگەیاندنەکانی گەلی کوردیش لە ئاستی ڕۆژگارانی خۆی دابێت و کارایەتی تەواوی لە سەر جیهان و خۆی دا هەبێت و جیهانیان بە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە گەرییەتی تەواوی خۆی ئاگا لە پەریشانی و ماف زەوت کراوی و ئەو هەموو جنایەتانەی کە بەرامبەری کراوە وەک خۆی کە هەیە لە جیهاندا سەرکەوتو بێت و ئەوەندە کارا بوویێت کە بەرپێچی هەموو دژایەتی کردن و هەستی لە ناو بردن و دان نەنان بە مافەڕەواکانی گەلی کورد بی ئاگایی جیهانیان لە بارەی کوردەوە بداتەوە،جێگەی داخە کە دتوانم ئەوە بڵێم: کە ڕۆژنامە گەری کورد و ڕاگەیاندنەکانی هەتا ئەمڕۆش لە ئاستی جیهان دا وەک پێویست دا نیە ، جاران و هەنوکەش ڕۆژنامەگەری تاساوی کورد نەیتوانیوە کە وەک پێویست لە ئاستی ڕوداوکانی ناوچەو جیهان و کوردستانی خۆی دابێت و کارایەتی خۆی لە ڕووی دوژمنانی چەپەل و شۆڤێنی و کورد کوژەکان

وەک پێویست ئەنجام بداتن و وای کردبێت کە جیهانیان حسابێک بۆڕۆژنامە گەری کورد بکەن و لە بەر چاوانیان دا دیار بێت،بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا خەبات وتێکۆشانی ڕۆژنامەگەری کوردی کە زۆر جاران بە زیانی خودی کوردیش هاتۆتە کایەوە و گەلێ جاران خەلکانی بە ناوی ڕۆژنامەگەری کوردی لە خزمەتی دوژمنانی خودی کوردستان بونە و گەلێ لە نوسەران و ڕۆژنامەوانانی هەست ژەهراویش و دژ بە هەموو ڕاستیەکان و چەواشەکاری و بە خەراپ شوشتنەوەی هەستی لاوانیان گرتۆتەبەرو نەزانانە یاخود بە ئەنقەستانە زۆر ویستویانە کە خەراپە بەرامبەر کوردو کوردستان ئەنجام بدەن و ناوی ڕۆژنامەگەری خۆیان لەککە دار بکەن و خەشیمانە لە پال هەولی داگیرکەرانی کوردستانەوە ڕاستیەکانیان شێواندووە،بەڵام هێشتان ناتوانین کە ڕۆژنامەگەری گەلێکی ئاوا چەوساوە لە نێوان تورک و تازی و عەجەم بە هیچ دانەنێین ، خۆ لەگەڵ ئەوەش دا ڕۆژنامەگەرانی وا هاتۆنەتە مەیدان و کە توانیویانە لەناو دەروونی گەلێ ڕۆشەنبیرانی بیانی و خۆیی دا دوژمنانی کوردستان ڕیسوا بکەن و هەستی کوردایەتی و نیشمانپەروەری لە ناو دڵ و دەروونی هەزاران لاوی کورد دا بسەپێنن و هانی ڕۆلەکانی کوردستان بدەن کە لە خەباتی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان دا هەرگیز کۆڵ نەدەن و نیشتمانی کوردستانی خۆیان بکەن بە سەر چاوەی خەباتی ڕزگاریخوازی و هۆکارێکی مەزنیش بن لە پاڵ خوێنی هەزاران هەزار شەهیدانی کوردستان دا بۆ سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلی کورد، ئەمڕۆکە دەبینین وا لە باشوری کوردستان دا هەڵێکی مەزن هاتۆتە کایەوە و یادی 107 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کورد لە سەر خاکی ئازادکراوی کوردستان دا دەکرێتەوە و ئەوەش بۆ خۆی لە سایەی سەری خوێنی هەزاران هەزار شەهیدان و خەباتی بێ وچانی ڕابەران و هەموو چین و توێژێکی ئەم گەلە کوردەبوو کەوا لەو پارچەیەدا ئازادیۆکەکمان وەدەست هێناوە، خۆ وەنەبی هەستی پاکی ڕۆژنامەگەران لە گەل هەموو کەم و کوڕیەکان دا کاری گەریەتی خۆی نەنواندبێت و تا ڕادەیەک کوردو کوردستانی خۆمانی پێوە دیار نەبێت و هەر لە ئاستێک وەستا بێت و لە دەوری خۆیا سوڕابێتەوە و بەس ، خۆڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کە بڕبڕەی پشتی هەر گەلێکەو هەموو میللەتانی جیهان ڕاگەیاندنەکانیان سەرچاوەی بوون و دیاری ئەوان میللەتانەیە، هەرچەند کە کورد داخی گرانم وەک پێویست نەیتوانیوە کە لەم ئەرکە مەزنەی دا

به تەواوی سەرکەوتن وەدەست بێنێت ، بەڵام هەرگیز لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوەو ڕۆژنامەگەری کوردیش هەول و خەباتی خۆی هەر پەرە پێداوە و دەیدات و هیوای هەموو دڵسۆزێکی کوردستانیشە کە کوردیش وەک گەلانی ئازادو ڕەهاو سەربەخۆ بتوانێت ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە گەری خۆی بگەیێنێتە ئاستی ڕۆژنامەگەری جیهان کە ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشەنبیران و نوسەرانی بە تواناو ڕۆژنامەگەرانی دڵسۆز ونیشتمانپەروەرانی پاک لە هەموو بوارەکانەوە.

بژی یادی 107 سالەی ڕۆژنامەگەری کوردو هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی هێژا میقداد مەدحەت بەدرخانی نەمر. 2005.4.22